کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17-4-2007 20:29

## (لە بەرنامەی زەنگ لە2007/4/12) ڕێبین ڕەسول: خەڵکی ئێمە (کوردستان) تەمەڵن! ... سەلام عەبدوڵا

لە بەرنامەی زەنگ لە (کوردستان تی. ڤی)، ڕێبین ڕەسول وەك ڕۆژنامەنووس بە بینەران ناسرا و لە قسەکانیدا سەرنجی منی بۆ ئەم بۆچوونەی خوارەوە ڕاکێشا: (خەڵکی ئێمە تەمەڵن و بۆ ئەوە دەچن بۆ ئۆروپا تا یارمەتی سۆسیال وەربگرن) . ئەمە یەکەم سووکایەتی نییە لە میدیا کوردییەکانی ناو کوردستان بە پەنابەرانی کوردزمان لە تاراوگە دەکرێ، پێشتر یەکێك بەناو مەسعود مەحەمەد لە (کتێبی پەرژینی بێدەنگی)، بەم شێوەیەی خوارەوە دەستپێشخەری کردووە: (دز و درۆزنەکانی کوردی پەنابەر بۆ ئەوروپا، تەرەس و بێ شەرەف و ڕسوای ئابرووتکێنترین گوناحی نامەردایەتین؛ دەبوو لەسەر پەردەی دایك و خوشکەکانیان لوقمەی گەوادی بخۆن، دەك هەزار لەعنەت و نەفرین لە چارەی خۆیان و لە پشتاوپشتیان هەتا دەگەنە کەشتییەکەی نوح) و هەروا بێگومان کەس و لایەنی تریش هەن بەو شێوە نزمە بیردەکەنەوە. من لێرە هیچ ناڵێم لەبارەی بۆچوونەکەی مەسعود مەحەمەد و با ئەوانەی وەك "بیرمەند" ناوی دەبەن، ئاستی خۆیان هەڵسەنگێنن!

بە درێژایی مێژوو دیاردەی پەنابەرێتی هەبووەو هەمیشە سەرئەنجامی بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی گشتی بووە و مرۆڤەکان بە هەموو ڕەنگ و ڕەگەز و ئینتما و پلەوپایە جۆراوجۆرەکانیان، هەر لە زانا، هونەرمەند، سیاسەتمەدار تا شوان و کرێکار و هەژار و پاشا و سەرۆکەکان ناچاری بوونە. هەر تاکێکی پەنابەر ((بەگشتی هەر مرۆڤێك))، تا ڕادەیەك تەنها بە خۆی بەرپرسیارە لەبارەی جۆری ڕەوتار، ڕەوشت، ژیان و تێفکرینی خۆی و خەتایە ئەگەر ڕەوتاری کەسێکی پەنابەر بکرێ بە نموونە و پێوەرێك بۆ گشت پەنابەرەکان.

بۆ ئاگاداری مامۆستا ڕێبین، ئەو برە یارمەتییە کە بەری خەباتی ژێردەستەکانی ئەو وەڵاتانەیە، بە هاووەڵاتییە دەستکورتەکان، لەشکری لانەوازەکان، بێکاران ((قوربانیانی دەسەڵاتی سەرمایەداری)) و بە پەنابەران دەدرێت، تەنها لانی زۆر کەمی پێداویستییەکانی مرۆڤ دابیندەکات و ماوەیەکە، بەگوێرەی سیاسەتی لیبڕالیزمی جیهانگیرەوە، ئەو یارمەتییە کۆمەڵایەتییە کەوتووەتە بەر هەڕەشەی توندوتیژ و دەسەڵاتداران هەوڵدەدەن هەنگاو بە هەنگاو سەرجەم بیمە کۆمەڵایەتییەکان کورت بکەنەوە، بەڵام زیان لێکەوتوانی ئەو سیاسەتە، هەموو ڕۆژێك بەشێوەی جۆربەجۆر خۆپیشاندان و پرۆتیستۆی خۆیان دەکەن.

شایانی باسە کە سوکایەتیپێکردنەکەی ڕێبین ڕەسوول و مەسعود مەحەمەدو هاوبیرەکانیان بە پەنابەرانی کوردزمان، درێژەپێدەری ئەو تاوان و سووکایەتیپێکردنانەیە کە ڕۆژانە پەنابەران لەسەر شەقام ولەناو فەرمانبەرایەتی و لەسەر کارو لەرۆژنامەو گۆڤارو لەلاین حزب ولایەنە ڕاسیست و فاشیستەکانەوە، ڕووبەڕووی دەبنەوەو قوربانییەکانی ئەو جۆرە عەقلییەتە دڕندەیە کەم نین. ئاخر ئەوە نازییەکان و ڕاسیستەکانن بە پەنابەران دەڵێن ((مشەخۆرەکان... پیسەکان... مەیمونەکان... سواڵکەرەکان... هتد)

خەڵکی ئێمە نە لە کوردستان و نە لە هەندەران، تەمەڵن نین و بۆ ئەوەی کاك ڕێبین واقیعیانە بیربکاتەوە، با وەڵامی ئەم پرسیار بداتەوە: کێن ئەوانەی لە کەرتی گشتوکالی، بیناسازی، هاتوچوو، چاکسازی ئۆتۆمبیل و ئامێرە کارەبایی و ئەلیکترۆنییەکان، سەنتەرکانی ئینتەرنێت، زانکۆ و قوتابخانە و فەرمانبەرایەتی و ئاسایش و هاتووچوو چێشخانەو تەلەفزیون و نانەواخانە، کارەباو ئاو و ڕۆژنامە گۆڤارو مایخانە و هوتێلەکانی کوردستان و وەڵاتانی تر... هتد کاردەکەن؟! با کاك ڕێبین بیر لە مەرجی ژیانیان بکاتەوە و هەوڵ بۆ گۆڕینیان بدات!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

با كاك ڕێبین و ئەوانەی وەك ئەو بیردەکەنەوە، هەر كێیەك بن، بزانن بەو بۆچوونانە هیچ شتێکی ناوروژێنن و بریندارکردنی هەست و سۆز ملیونان مرۆڤ کارێکی مرۆڤدۆستانە نییە، لەبری ئەو بۆچوونە سەقەتانە، با هەوڵی جددی بدەن بۆ تێگەیشتن لە ئازار و نەهامەتی و ئازارەکان و شێوەی ژیانی زۆربەی پەنابەران!

سەلام عەبدوڵا
2007/4/16
dwaroj@yahoo. de

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.